# توندوتیژیی دژ بەژنان تاکەی دیواری بێدەنگی نەشکێنن؟

ئامادەکردنی: بەیان ستار

توندوتیژیی خێزانی وەك تارماییەك باڵ دەکێشێت بەسەر خێزاندا جا لەشێوەی لۆمەو ئیهانەو قسەو جنێوو خەفەتدان بە بەرامبەربێت یان لەشێوەی لێدان و ئازاری جەستەیی و دەروونیدابێت، بێگومان کاریگەریی جێدێڵێ لەسەر جەستەو باری دەروونیی ئەو کەسەی کە توندوتیژییەکەی بەرامبەر دەکرێت، بەپێی ئەوەی کە توندوتیژیی شێوازێکە بۆ بەتاڵکردنەوەی ناخ (لای پیاوان) ئەوا لەهەمانکاتدا گوزارشتێکە بۆ دەربڕینی هەڵچوون و کەف وکوڵی ناوەوەی، لەهەمانکاتیشدا دەلالەتە بۆ بێتوانایی و لاوازیی بەرامبەر بەچارەسەرکردنی کێشەکان و نیشانەی باوەڕ بەخۆنەبوونە، بێدەسەڵاتی بەرامبەر بەگرفتەکان و نەبوونی زمانی دایەلۆگ و نەبوونی قەناعەتە، مەرجیش نییە لەهەموو حاڵەتەکاندا پیاو مەبەستی ئەوەبێت ئازاری ژن ومناڵەکانی بدات گەر وانییە؛ بۆچی هەندێکیان دوای ئەوە پەشیمان دەبنەوەو چ تەفسیرێك هەیە بۆ ئەو پیاوانەی کە چەندەها پاساو دەهێننەوەو داوای لێبوردن دەکەن؟ دوای ئەوەی تووڕەییەکەیان دەڕەوێتەوە دەیانەوێت بەهەر شێوەیەك قوربانییەکان رازی بکەن، جائەو قوربانییانە هاوسەرەکانیان بن یان خوشك یان کچەکانیان بن! پەنابردنەوە جارێکی تر بۆ توندوتیژیی لەکێشەیەکی ترەوە یان لەدەمەقاڵێیەوە بەڵگەیەکی ترە بۆ زەروریەتی ئەوکەسەی کە هەڵدەستێ بەکاری توندوتیژییەکە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ کێشەکەی، ئەمەش لەناخیدایەو لەژێر گوشارێکی زۆردایەو بەوجۆرە گوزارشتی لێدەکات. لێرەدا ئەوکەسەی توندوتیژیی دەنوێنێ و قوربانییەکەش پێویستییەکی زۆری بەیارمەتییە.

ئەو توندوتیژییەی کە دژ بەژنان دەکرێت لەچەندین فۆرمی تایبەتی وادا خۆی دەبینێتەوە، هەر فۆرمەو مەینەتیی خۆی هەیە جا لەجیابوونەوەی زۆرە ملێدابێت، یان نەدانی نەفەقە، یان ژنی دووەم و دابڕان، ئەمانە هەمووی جۆرێکە لەمومارەسەکردنی توندوتیژیی لەچوارچێوەی (توندوتیژیی ئابوریی) لەلایەك و (توندوتیژیی یاسایی و دەروونیی) لەلایەکی ترەوە، ئەمەشە وادەکات کە چارەسەرێکی کاتیمان گەرەك نەبێت، بەڵکو پێویستمان بەچارەسەرێکی یەکجارەکییە جائەو چارەسەرە لەسەر ئاستی پەروەردەیی خێزانی بێت یان گۆڕانی یاسابێت، جالەبەرئەوەی چارەسەرەکان ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت جارێ ئەنجامەکان وابەئاسانی نادا بەدەستەوە، هەربۆیە باشترین چارەسەر ئەوەیە کە بێدەنگی بشکێنین و تیشك بخەینەسەر ئەو دیاردە ترسناکەو لایەنە شاراوەکان دەربخەین، ئازارو مەینەتییەکان دەربخەین، نەك بەچاوێکی هاکەزایی و رووکەشییانە سەیری دیاردەکە بکەین، یاخود بەخەم ساردییەوە تێیبڕوانین، وەکو ئەو رووداوانەی کە گەلێجار کەناڵەکان باسی لێوەدەکەن وەکو هەندێ کەناڵ کە دەیانەوێت تەنها باسەکە بووروژێنن و هیچی تر، لەڕاستیدا ئەم دیاردەیەو بەپێی توێژینەوەکان لەهەموو کۆمەڵگە جیاجیاکان و وڵاتە جیهانییەکان بەرچاودەکەوێت لەکۆمەڵگە پێشکەوتوو دواکەوتوو نامییەکانیشدا، بەڵام بەشێوەیەکی رێژەیی.

-لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا لێدان و ئازاری جەستەیی، هۆکارێکی سەرەکییە بۆ زامداربوونی ژنان، لەهەر (18) دەقیقەیەك ژنێك لێی دەدرێت، لەماوەی (8) چرکەداو لە (8) ژن ژنێك رووبەڕووی مامەڵەی خراپ دەبێتەوە، لەکاتێکدا لەماوەی (6) خولەکدا ژنێك دووچاری دەستدرێژیی سێکسی دەبێتەوە.

-لەفەرەنسا ژنان لە 90٪یان قوربانیی توندوتیژین، لە 51٪ی ژنان لەلایەن مێردەکانیان یان هاوڕێیەکانیانەوە دووچاری لێدان دەبنەوە، ئەم دیاردەیەش لەوڵاتە عەرەبییەکاندا بڵاوەو گەر لێدان بێت یان جنێو یان دەستدرێژیی سێکسی بێت یاخود مەینەتیی ژێردەستەیی بێت وەکو ژنانی فەلەستین، بەڵام دیکۆمێنتەکان و ئامارەکان کەمتر نیشاندەدەن، چونکە گەلێك جار راستییەکان ئەشاردرێتەوە.

-لەتوێژینەوەیەکی مەیدانیدا دکتۆرە (نەجوا قەساب) و توێژەرەوەیەك بەناوی (رەغدە ئەحمەد) کردویانە، بەمەبەستی سڕینەوەی حاڵەتی توندوتیژیی و جیابوونەوەکە نموونەیەکیان لەژنانی سوریا وەرگرتبوو کە لەسەر (240) ژن ئەنجامدرابوو دەرکەوتبوو کە لە 40.82٪ لەو نموونەیە زۆری خێزانیان لەسەرەو تەمەنشیان لە (30) ساڵان تێپەڕی نەکردووە، لەکاتێکدا کە حاڵەتەکانی تر لەسەر ئەو کۆمەڵەیە وەستاوە کە تەمەنیان لەنێوان (31-40) ساڵاندایە، لەئەنجامدا دەرکەوت کە زۆربەی سکاڵانامەکانیان لەدژی (دەستدرێژیی، لێدان، ئازاری جەستەیی)یە کە لەلایەن کوڕ یان هاوسەرەکانیانەوە ئەنجامدراوەو رێژەکەی گەیشتۆتە 7.8٪، هەروەها 10٪ی ئەو حاڵەتانە دوچاری جیابوونەوەبوون یاخود لەلایەنی ماددییەوە ئیستغلالکراون، دوای ئەوەش حاڵەتی ئیرەیی کە 8.3٪ و ئەوە مامەڵەی خراپ کە لە7.5٪ پێکدێنێ پاشان تەڵاقی تەعەسوفی کە لە6.6٪ پێکدێنێ.

-هەروەها توێژینەوەیەکی تر کە دکتۆرە (ئیجلال ئیسماعیل مەها) پسپۆڕی دەروونناسی لەزانکۆی (عین شمس) ئەنجامیداوە، ئاماژەی بەوەداوە کە توندوتیژیی خێزانی لەتایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی میسرییەو لەدوو فۆرمیشدا خۆی دەبینێتەوە، لەلایەك توندوتیژیی خێزان لەلایەن باوك وبراوە، لەلایەکی ترەوە توندوتیژیی لەلایەن مێردەوە، جار هەیە کوڕێك باوك یان دایکی خۆی دەکوژێت یاخود هەردووکیان پێکەوە یان لێپرسراوو گەورەی خێزان دەکوژێت وەکو باپیر، مام، خاڵ، باوەپیارە، ئەم دیاردانەش دووبارە دەبنەوەو دیکۆمێنتەکانیش ئەو راستییە دەسەلمێنێت، ئەم توندوتیژییەش هەر لەنێوان ئەندامانی خێزاندا رونادات، بەڵکو کۆمەڵگەش بەرامبەر بەتاکەکانی دەینوێنێ، کەواتە هەڵسوکەوتی شەڕانگێزیی منالان ولاوان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ناتوانن لەبڕیارەکاندا بەشداربن، دژە بۆچوونی راگەیاندنەکان، کەلتوری کۆمەڵگە، ئایین، ئەمانە هەمووی کاریگەریی هەیە.

-لەبەدواداچوونێکی تردا کە ئەنجومەنی نەتەوەیی میسریی بەبەئەنجامی گەیاندووە دەرکەوتووە کە لە 35٪ی ئەو ژنانەی کە شویانکردووە گەر بۆ جارێکیش بێت لەلایەن مێردەکانیانەوە لێیاندراوە. لە 69٪ی ئەو رێژەیەش بەرشەپۆلی لێدان دەکەون لەکاتێکدا کە هەڵناسن بەجێبەجێکردنی ئەرکەکانی هاوسەرایەتی، یاخود لەحاڵەتێکدایە بەجوانی وەڵامی هاوسەرەکانیان نادەنەوە، هەروەها دەرکەوتووە کە ژنانی لادێ زیاتر رووبەڕووی لێدان دەبنەوە تا ژنانی شار، ئیرەیی و خیانەت لەگرنگترین پاڵنەرەکانە بۆ پیاو تا لەژنەکەی بدات و ژینگەو کۆمەڵگە یارمەتیدەرە بۆ زۆربوونی کردارە شەڕانگێزییەکان و دوژمنایەتی و ناکۆکیی نێوان ئەندامانی خێزان، لەهەموو دیاردەکانیش کە بەربڵاوترینیانەو راستەوخۆ پەیوەندیی هەیە بەتوندوتیژیی دژی ژنان مەسەلەی شەرەفە.

-لەچەند ئەڵقەیەکی تایبەتدا لەسەر تاوانەکانی شەرەف کە لەکەناڵی (المستقبل) پێشکەشکرا، (دیان مقلد) توانی چاوپێکەوتن لەگەڵ هەندێ خێزاندا بکات کە لەوجۆرە تاوانانەی تیا ئەنجامدراوە، یەکێك لەو کەسانەی کە بەتۆمەتی کوشتنی خوشکەکەی (6) ساڵ زیندانی کرابوو، وتی: (داب ونەریت رەحم ناکەن، پەشیمانم لەوکارەی کە کردومە، هۆکاری سەرەکیی بۆ ئەنجامدانی ئەوکارە ئەوەبوو کە ویستم لەقسەو زمانی خەڵکیی رزگارمبێت، ویستم شەرەف بۆ خێزانەکەم بگێڕمەوە، لەبەردەمی خەڵك و گەڕەکدا سەرم بەرزبێت) لەوەڵامەکەشدا دەرکەوت کە قەناعەتی بەوەهەبوو کە خوشکەکەی بە بێتاوان کوژراوە!!

رای گشتی کۆمەڵگەی تەقلیدیی دەربارەی کوشتنی ژنان بەتۆمەتی شەرەف ئەوەیە کە ئابڕووی خێزانەکانیان دەگەڕێننەوە، سەیریش لەوەدایە کە یاسا بەچاوی لێبوردنەوە سەیری ئەو دیاردە ترسناکە دەکات و پاساویان بۆ دەهێنێتەوە، بەڵام کێشەکە رووی تری هەیە کە پەیوەستە بەتوندوتیژیی جەستەیی و دەستدرێژیی کردنەسەر کە رووبەڕووی زۆربەی ژنانی کۆمەڵگەی عەرەبی دەبێتەوە، هەندێ لەودیاردانەش دەچێتە ژێرپەردەی نهێنییەوەو بێدەنگی لێدەکرێت، تەنها هەندێ کتێب ورۆژنامە وبەرنامە نەبێت کە باس لەتوندوتیژیی دەکات، ئەی ئەوکاریگەرییە سلبییانە کە لەسەر دەروون و جەستەی قوربانییەکانی جێدێڵێ؟ کێشەکەش لەوەدایە کە هەمیشە لۆمەو سەرزەنشتی ژنان دەکرێت و دەڵێن بۆ پارێزگاریی لەخۆیان ناکەن، لەهەمانکاتیشدا بەوچاوەوە سەیری ژنان دەکەن کە لایەنی لاوازن لەکێشەکەدا!

راستە توندوتیژیی دژ بەژنان هەر لەوڵاتە عەرەبییەکاندا نییە، بەڵکو دەرکەوتووە کە کۆمەڵگە رۆژئاوایی و ئەوروپییەکانیش ئەو دیاردەیە بڵاوە، بەڵام جیاوازیی لەیاساو رێساکاندایەو ئەو وڵاتانەی بەرگریی لەژنان دەکەن یاساکانی مافی ژن دەدا، لەکاتێکدا کۆمەڵگەی عەرەبی کەموکوڕیی هەیە لەویاساو رێسایانەدا، رای گشتی لای ئێمە کاریگەریی ئەقڵیەتی نێرینەی لەسەرەو لەداب ونەریتەوە هەڵقوڵاوەو لەسەر بنەمای عەشیرەتەو تائێستاش وادەزانن لێدانی ژن هۆکارێکە بۆ ئیسپاتکردنی پیاوەتی ئەویش لەسایەی ئامادەنەبوونی سیاسەتێکی کۆمەڵایەتی کە ئەندامانی خێزان بپارێزێ بەتایبەتیش ژنان و منالان ئەوا ئەوجۆرە کێشانە روو لەزیادبوونە، هەرچەندە چەندین رێکخراوی ژنان و ئافرەتان هەیەو هەندێکیان حکومییەو هەندێکیان ئەهلییەو دەیانەوێت و لەهەوڵی ئەوەدان، ئەوکێشانە بەچەندین رێگە چارەسەر بکەن، بەڵام هێشتا کەموکوڕیی هەر تێدایەو گەلێجار ئەو کێشانە ناگاتە دادگا ویاساو جار هەیە کەس پێی نازانێت، لێرەوە زەرووڕەتی ئەوە دەردەکەوێت کە دەبێت رێکخراوە ئەهلییەکان یان نووسینگەیەکی تایبەت کە سەر بەوەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بێت بەدواداچوون بکات بۆ ئەو کێشانەو گرنگیی پێبدات و بەرگرییش لەو ژنانە بکات کە توندوتیژییان دەکرێتەسەر، دەبێت بیر لەهەموو لایەنەکان بکرێتەوە، بەتێڕوانین لەو دەرئەنجامەی کە لەتوندوتیژیی دەکەوێتەوە، لەڕاستیدا لایەنی ئابووریی و پەروەردەیی و دینی و کەرامەت پەیوەندیی دەبێت لەسەر تاکەکانی خێزان و لەگەڵ زۆربوونی زوڵم وئازار ئەو دەرئەنجامانەی لێدەکەوێتەوە کە وا لەمرۆڤ دەکات بیەوێت کۆتایی بەوشتانە بهێنێت و پەستی دەکات و رووی دەشوێنێ ئەوکاتەش یان دەبین بەقوربانیی یان پیاوکوژ! ئایا دەشێت خاڵە لاوازەکانی خۆمان پەردەپۆش بکەین لەومەسەلەیەدا، ئایا هاوکاریی نەکەین لەشکاندنی ئەو بێدەنگییە؟

**سەرچاوە:**

رۆژنامەی (النور) T.B

**ئەم باسە پەیوەندیی هەیە بەتوندوتیژیی لەسەر ژنانی کۆمەڵگەی عەرەبی.**

# کێ بەرپرسە لەنەهامەتییەکانی ژنان

شلێر عەلی سەعید

دیارە ژنان ئەو بوونەوەرەن لەکۆمەڵگە بەدرێژایی مێژوو بەتایبەتی لەدوای کۆتایی هاتنی سستمی دایکسالاریی کە زۆرترین توندوتیژیی و لەهەموو رویەکەوە نابەرابەرییان بەرامبەرکراوە، لەڕووی ئابوریی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و....هتد. هەروەها لەسەر ئاستی جیاواز چ لەلایەن خێزانەوە یان لەلایەن کۆمەڵگەو یاساوە.

دیارە ژنان دووجۆر توندوتیژییان بەرامبەرکراوە، توندوتیژیی دەروونی کە خۆی لەپێشێلکردنی ئازادیی و دانانی هێڵی سوور لەبەردەم هەڵسوکەوتەکانی، هەروەها توندوتیژیی جەستەیی، کە خۆی لەلێدان و توندوتیژیی سێکسیدا دەبینێتەوە.

جۆری پەروەردەی ژن بۆتە هۆی ئەوەی کە ژن خاوەن کەسێتیەکی لەرزۆك و بێ متمانەو بەپلەدوو (ضعیفە) شەرمن و بێدەسەڵات ناوزەد ئەکرێن لەکۆمەڵگە، بەتایبەت لەکۆمەڵگەکانی جیهانی سێدا کە کۆمەڵگەی ئێمەش یەکێکە لەو کۆمەڵگانە، دیارە ئەم بارودۆخە بەتایبەت سیمای کۆمەڵگەی ئێمە نییە، بەڵکو سیمای زۆربەی کۆمەڵگەکانە بەتایبەت ئەو کۆمەڵگەیانەی کە خاوەنی کەمترین بڕن لەئازادیی و دیموکراسیی و پایەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییان نەناسیووە، ئەمە سەرەڕای کەم هەڵوێستی ژن لەچاککردنی باری ژیانی خۆی لەهەموو روویەکەوە، بەتایبەت لەڕووی سیاسیی و ئابوریی و هەروەها کۆمەڵایەتیش.

دیارە ئەم بارودۆخەی کە بۆ ژن خولقاوە بارودۆخێکی راستەقینە نییەو خاوەنی مۆرکێکی نەگۆڕبێت، بەپێچەوانەوە ئەم بەرهەمانەو دەستەواژانەی کە لەکلتوری زارەکی ئێمەدا رەگیان داکوتاوە سەرچاوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رۆشنبیرییەی کە پیاو خولقاندی بۆ کۆنترۆڵکردنی هەموو دنیا بەژنانیشەوە.

دیارە ئەم بارودۆخە پێویستی بەهەوڵ و کۆشش و خەباتی ژنان هەیە کە لەزۆربەی وڵاتە پێشکەوتوەکانی دنیادا چەندین تیۆرەی فکریی سەر بەڕێبازی فێمینزمی دەرکەوتن کە هەریەکەیان گوتاری جیاوازی خۆی هەبوو بۆدۆزی ژن، لەوانە فێمینزمی رادیکاڵ کە لەتێڕوانینی ئەم قوتابخانەیەدا (رەگەز واتە پیاو) سەرچاوەی چەوساندنەوەو نەهامەتیی ژنە.

ڕێبازێکی تری فێمینزمی مارکسی‌یە کە جیاوازیی چینایەتی سەرچاوەی چەوساندنەوەی ژنە واتە (کەپیتالیزم) ڕێبازێکی تری سوسیال فێمینزم، کە جیاوازیی چینایەتی و جیاوازیی رەگەزیی سەرچاوەی چەوساندنەوەی ژنە.

ڕێبازێکی تری فکریی فێمینزمی لیبرالیزم کە ئەم ڕێبازە پێیوایە کە داب ونەریت وکەلتور سەرچاوەی چەوساندنەوەی مرۆڤن، لەتێڕوانینی ئەم ڕێبازە وشیاریی تاك و خوێنەواریی هۆکارن بۆ رزگاربوونی ژن لەچەوساندنەوە.

لەکوردستانی خۆشماندا لەدوای راپەڕینەوە چەندین رێکخراوی ژنان هاتنەبوون بۆ داکۆکیکردن لەمافەکانی ژنان، کە زۆربەیان داوای گۆڕینی یاساکانی باری کەسێتی دەکەن بۆ چاککردنی باری ژیانی ژنان و سزادانی ئەو کەسانەی کە دەستیان دەچێتە خوێنی ژنان بەناوی بەرگریکردن لەشەرەف، ئەوانەش بڕیاری (59، 62)وە.

ئەمە سەرەڕای دەرکردنی چەندین گۆڤارو رۆژنامە بۆ وشیارکردنەوەی ژنان بەرامبەر بەخودی خۆیان و هەروەها وشیارکردنەوەی کۆمەڵگەو کارکردن بۆ گۆڕینی ئەو بەها کۆمەڵایەتیانەی کە ژن بەکەم دەناسێنن، هەروەها رەخنەگرتن لەدەسەڵات کە بەشێوەیەکی باش پشتگیریی لەخواستەکانی ژنان ناکەن.

کەواتە بەشی زۆری نەهامەتییەکانی ژنان بابەتین و کەمیان خودین کە پەیوەندیی بەهەوڵ و تواناکانی ژنەوە هەبێت.

**جۆری پەروەردە هۆکارێکی سەرەکیی بوونی کەسێتییەکی لەرزۆك و بێ متمانەو شەرمن و پلەدوویيە بۆ ژنان**

# ژن لەنێوان ڕێزو بەزەییدا!

دایکی ئازار- رانیە

ژن کائینێکی گرنگی پێکهاتەی کۆمەڵگەیەو توخمێکی سەرەکییە لەژیانی مرۆڤدا، بەومانایەی ژن بوون پێناسەیەکی تایبەتی مرۆڤە، بۆیە گەڕانەوە بۆ هەر مەرجەعییەتێکی لەدایکبوونی مرۆڤ ئەبێت بگەڕێینەوە بۆ لای ژن، لەبەرئەوەی خودی پیاوو خودی ژن لەژن لەدایکدەبن، کەواتە ژن دایکی کۆمەڵگەیەو کۆمەڵ بەرهەمدێنێت، بۆیە بەدواداچوونی ئەم راستییە دەمانباتە سەرئەو ئەنجامەی کە بنەمای سەرەکیی کۆمەڵگە ژنەو لەدوای ئەوان پیاو قسەوباسی لەسەردەکرێت.

بۆیە لێرەوە پرسیارێك دێتە ئاراو
*ئەگەر مرۆڤێك ئەوەندە گرنگ بێت لەژیانی مرۆڤدا بۆ دەبێت بەچاوی بەزەییەوە سەیر بکرێت و نەبێتە سەرچاوەی رێز؟

-مەسەلەی ژن لەکۆمەڵگەی ئێمەدا وەك هەر دیاردەیەکی تری کۆمەڵگە قسەوباسێکی گەرمی لەسەرەو تاکو ئێستا خودی ژنان بۆیان رون نەبۆتەوە نیوەی کۆمەڵن یان سێیەکی کۆمەڵن، یان هەر بەشیان نییە لەکۆمەڵدا، ئەمەش گرفتێکی گەورەیە لەکۆمەڵگەدا کە تاکو ئێستا خۆی یەکلانەکردۆتەوە لەبەرامبەر مافی ژناندا. لەجیهان و کوردستانیشدا تێڕوانینی جۆراوجۆر لەسەر ژیانی ژنان هەیە کە هەریەکەو لەدیدگایەکەوە سەرچاوەی گرتووە کە مەرجەعیەتەکەی پیاوەو ژنان نەخشیان تێدا نەبووە. بۆیە بەڕای من گرفتەکە لێرەوەیە کە خودی ئەو ئایدولۆژیایەی دەیەوێت ژنان رزگاریان بێت، بەدەستی نێر دارێژراوەو ئەو ئایدیایەش کە دەیەوێت ژن بچەوسێنێتەوە هەر پیاو دایڕشتووە، لەهەردوو بوارەکەشدا ژن نەخشی تێدا نەبووەو غیابی ئەو بوارەبووە، هەربۆیەش نامۆن بەو بەرنامانەو ئاشنایەتییان لەگەڵیدانییە.

لێرەوە پرسیارێك خۆی قوت دەکاتەوە، رۆڵی ژنان بۆ رزگاربوونی خۆیان چیبووە لەدەست کۆمەڵگەی باوکسالاریی؟

بۆ هەموو ئەوکێشانە گەڕاونەتەوە لای پیاو بۆ رزگارکردنیان لەدەست ستەم و چەوساندنەوە، هەوڵی داڕشتنی ئایدۆلۆژیایەکی تایبەت بەژنانیان نەداوە کە تەعبیرێکی راستەوخۆ لەکێشەی رەوای مافی ژنان بکات، ژن رۆڵی سەرەکی خۆی نەبینیووە لەداڕشتنی ئەو ئایدۆلۆژیایە. بەدەر لەمەش لەوڵاتی ئێمەدا رێکخراوەکان و نەبوونی گوتارێکی هاوبەشی ژنان وایکردووە رێکخراوی ئافرەتان و ژنان هەمیشە پاشکۆی حزبەکان بن و بەچاوێکی کەمەوە سەیر بکرێن.